بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان

## هەرێمی كوردستانی عێراق
## سەرۆكایەتی هەرێم
## سەرۆك

بەناوی گەلەوە

## بڕیار
## ژمارە (٢٨) ساڵی ٢٠٠٨

**یاسای هەمواركردنی یەكەمی یاسای ژمارە(١٧)ی ساڵی ٢٠٠٦**
**یاسای یەكێتی پەرلەمانتارانی كوردستان_عێراق**

بە پێی بڕگەی (١) ی ماددەی (١٠) ی یاسای سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستان – عێراق ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ ی هەمواركراو و بە پاڵپشتی ئەو یاساكارییەی ئەنجومەنی نیشتمانی كوردستان – عێراق كردویەتی لە خولی دووەمی دانیشتنی ژمارە (٢٠) لە ١ /١٢/٢٠٠٨ بڕیارماندا بە دەركردنی:

**یاسای ژمارە(١٧ )ی ساڵی / ٢٠٠٨**
**یاسای هەمواركردنی یەكەمی یاسای ژمارە(١٧)ی ساڵی ٢٠٠٦**
**یاسای یەكێتی پەرلەمانتارانی كوردستان**

**ماددەی یەكەم:**

**بڕگەیەك بەزنجیرەی(نۆیەم) دەخرێتە سەر ماددەی(سێیەم) لە یاساكەدا بەم جۆرەی خوارەوە: ـ**

**نۆیەم: پشتگیری كردن لە پرۆسەی چاكسازی و بەرەنگار بوونەوەی گەندەلی.**

**ماددەی دووەم:**

**بڕگەی یەکەم/ ٣ لە (ماددەی چوارەم) لە یاساکەدا هەموار دەکرێت و بەم جۆرەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:**

**ئەندام بێ لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق یان ئەندام بوو بێت لە (کۆمەڵەی نیشتمانیی عیراقی یان ئەنجومەنی نیشتمانیی کاتی عیراق) پاش رووخانی رژێمی پێشوو لە ساڵی ٢٠٠٣.**

**ماددەی سێیەم: ( ماددەیەکی نوێ و زیاد کراو)**

**لە هەر شوێنێکی ئەم یاسایە دەستەواژەی(دەستەی ئیداری ) هاتبێت دەکرێتە (دەستەی باڵا).**

**ماددەی چوارەم:**

**یەکەم: پێشەکی (ماددەی شەشەم) لە یاساکەدا هەموار دەکرێت و بەم جۆرەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:**

**دەستەی گشتی هەر دوو ساڵ جارێك بە ئامادە بوونی زۆرینەی ئەندامانی یەکێتی یان نوێنەرەکانیان کۆبونەوەیەکی فراوان دەکات بۆ بەدیهێنانی ئەمانەی خوارەوە: ـ**

**دووەم: بڕگەی یەکەمی (ماددەی شەشەم) لە یاساکەدا هەموار دەکرێت و بەم جۆرەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:**

**هەڵبژاردنی دەستەی باڵای یەکێتی بەدەنگدانی نهێنی و راستەوخۆ بە زۆرینەی دەنگی ئامادەبووان کە پێك دێت لە (٩) نۆ ئەندامی ئەسڵی و دوو ئەندامی یەدەك.**

**ماددەی پێنجەم:**

**پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.**

**ماددەی شەشەم:**

**ئەم یاسایە لە رۆژی بلاّوکردنەوەی لە رۆژنامەی فەرمی (وەقائعی کوردستان)دا جێبەجێ دەکرێ.**

**مسعود بارزانی**
**سەرۆکی هەرێمی کوردستان ـ عێراق**

**ئەم یاسایە لە ١ی بەفرانبار ٢٧٠٨ی کوردی بەرامبەر٢٤ی ذی الحجة ١٤٢٩ی کۆچی و بەرامبەر ٢٢ی کانوونی یەکەمی ٢٠٠٨ی زاینی لە هەولێر دەرچووە**

## هۆكارەكانی دەرچوواندنی

له پێناو پاڵپشتی كردنی چاكسازی و سـەر لـه نـوێ رێكخستنەوەی پەیكـەری كـارگێڕیی یەكێتی پەرلەمانتارانی كوردستان بە شێوەیەك لەگەڵ ئامـانج و ئەركەكانیـدا بگونجێـت و بۆ دەوڵەمەند كردنی یاساكەو بۆیە ئەم یاسایە دانرا.